# پەرلەمانی نوێ دەبێت لەبەرامبەر ڕای گشتیدا کراوەبێت



فەرەیدون حەمەڕەشید    سویسرا
Faraidun_73@hotmail.com

ئەمڕۆلەجیهانی دیموکراسی دا پەرلەمان یەکێکە لەدەزگادیارو زیندووەکانی دیموکراسی کەلەوێوە نوێنەرایەتی چین وتوێژو دەنگەجیاوازەکانی کۆمەڵگادەکرێت بەپێ ی باکگراوەندی کارایی سیاسی و قوورسایی جەماوەری بوونیانەوە , هەرئەودەزگایەش لەوولاتانی دیموکراسی دا دەبێتەسەرچاوەی میکانیزمی یاساو ڕێساکانی وولات, هەرلەو هۆڵەشەوە ستراتیژی دوورلەبوارەکانی سیاسی و ئابووری وئاڵووگۆڕی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەدەرەکیەکان و زۆر مەسەلەی چارەنووس سازسی تر بەزۆرینەی دەنگەکانی ناو ئەوئۆرگانەبالآیەی دیموکراسی یەکلا دەکرێتەوە. خەڵکی کوردستان لە 19992/5/19 دا,لەهەلومەرجێکی هەستیاروترسناك دا کەهێشتا دێوەزمەی بەعسی لەناوچوو چاوی لەکوردستان نەبڕییو وەهەم هاوسۆزی وبەرژەوەندیەکانی سیاسەتی جیهانی لەگەڵ خەڵکی کوردستان وکێشەڕەواکەی وەك ئەم قۆناخەی ئێستا چەکەرەی نەکردبوو.بۆ یەکەمین جار لەمێژووی خۆی دا چووە ناوپرۆسەیەکی هەڵبژاردن ودەنگیان دایە پەرلەمانێك تانوێنەرایەتی خواست وئامانجەکانیان بکەن, بەڵام ئەگەر ڕاشکاوانە هەڵسەنگاندنێکی واقعی وخەمخۆرانەی لێبکەین بەگیانی ڕەخنەو ڕەخنەلەخۆگرتنی بنیاتنەرانەوە قسەبکەین دەتوانین بڵێین ئەو پەرلەمانەبەلەبەرچاووگرتنی کارە باشەکانیشی, لەئاستی دەزگایەکی نیمچەدیموکراسی دا نەبووە ولەبەرامبەرخواست وداواکاریەکانی خەڵکی کوردستان دابێ وەڵام ونائەکتیڤ بووە,هەموو هەڵسەنگاندنەنێگەتیڤەکانی پەرلەمانی ڕابردووش لەم ووتارەدا وازلێدێنین و دەیکەینە تاوانی کابووسی شەڕی نەگریسی ناوخۆوپیلان گێڕانی دووژماننی پرۆسەکەو نالەباری ئابووری و بێ ئەزموونی پەرلەمان وپرۆسەی دیموکراسی بەودەلیلەی سەرەتاو دەسپێکی یەکەم پرۆسەی گوێزانەوەی خەباتی سیاسی بووە لەشاخەوە بۆشارویەکەم ئەزموونی پەرلەمانی بووەلەمێژووی کۆمەڵگای کوردی دا.بەڵام پەرلەمانی تازەهەڵبژێردراو کەمەبەست وئاماژەی سەرەکی ووتارەکەیەسەرەڕای چوارمانگ تێپەڕبوون بەسەرپرۆژەی دەنگدان ودەست بەکارنەبوونی پەرلەمان کە بووەجێ نارەزایەتی ودڵەڕاوکێی خەڵکی کوردستان, دەستی بەکۆبوونەوەئاسایی یەکانی خۆی کردووە,پەرلەمانی نوێ کەپێکهاتەی تەواوی تێزو ڕەنگەجیاوازەکانی خەڵکی کوردستانە بەپی ی قەوارەی جەماوەری بوونیان,.بێ لەوەی پەرلەمانێکی تەمەن سیانزەساڵەی ناتەندرووستی بۆنوێکردینەوە و کێشەی دووهەرێم و دووئیدارەمان لەکۆڵ دەکاتەوە..نابێت لەبەرگی پەرلەمانێکی تەقلیدی ورۆژهەلاتی بمێنێتەوە.دەبێت بێتە جێی متمانەی ئەوجەماوەرەی دەنگیان پێداوە تاببێتەداهێنان ودەستپێکی

پەرلەمانێکی ڕاستەقینەکەڕەنگدانەوەی واقیعی دەسەڵاتی خەڵك بێت.هەرلەوئۆرگانەباڵایەی دیموکراسی یەوە بێجگەلەیەگرتووی پرۆژەی سترا تیژی نەتەوەیمان,دەبێت شوێنی ململانێی داکۆکی کردنبێت لەسەرهێنانەدی ماف وخواستەکانی زەحمەتکێشان ,خوێندکاران,ژنان,لاوان,وگشت چین وتوێژەکانی کۆمەڵگایی کوردی ,بۆدڵنیا بوون لەبەرجەستەبوونی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی خەڵك لەپەرلەماندا,پێویستمان بەشەفافییەت و ئامادەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەلەگوێزانەوەی ڕاستەوخۆی تەواوی کۆبوونەوەو ململانێکانی نێوان فراکسیۆن وتێزەجیاوازەکانی ناوپەرلەمان,وەك ئەزمونێکی سەرکەوتووی وولاتانی دیموکراسی ,ئەم پەیڕەوکردنەبێ لەوەی متمانەی جەماوەر بەکاندیدە هەڵبژێردراوەکانیان پتەوتردەکات جەماوەریش لەوەبەئاگادەبێت لەگرفت خستنەبەرهەرپرۆژەیەکی دیموکراسی وڕیفۆرم خوازانەلەلایەن باڵی کۆنزێرڤاتیف و کۆنەخواز کەبیەوێت ڕەووتی ئاراستەی کۆمەڵگایەکی کراوەومۆدێرن پەکبخات,کرانەوەی پەرلەمان بەڕووی خەڵك دادەبێتەهۆی ئەوەی باشترنوێنەرەئەکتیف وڕاستەقینەکانی خۆیان بناسن تالەگەمەیەکی تری هەڵبژاردندا متمانەودەنگ بەنوێنەروفراکسیۆنی داکۆکی کەر لەبەرژەوەندیەکانیان بدەن ,کرانەوەیەکی والە پەرلەماندا ڕزگاربوونەلەشێوەپەرلەمانێکی تەقلیدی وڕۆژهەلاتی